# با هەنگاوەكان مرۆڤانە بن !!!



تاريق ناميق حەسەن
tariqnamiq@yahoo.com

كاتى لەسۆنگەيەكى مرۆڤانەوە دەچيتە ناو باسێك وشيكارى تێدا دەكەيت ئەوا هەمووان دەزانن ئەم باس وبابەتە هەردوو ڕەگەز (نێر ومێ ) لەخۆ دەگرێ هەروەها هەرهەنگاو وكارێكى تر, لێرەوە بيركردنەوەيەكى ڕاست ودروست دێتە كايەوە .

مرۆڤى ڕۆشەنبير كاتێ ئاخافتن دەكات نەك هەر پێويستە بزانێ چى دەڵێ بگرە دەبێ دواترى قسەكانيشى بزانێ ومامەڵە لەگەڵ هەموو شتێك بكات بەو شيوەى كە هەيە , ڕەنگە بتوانرێ زۆر شت پۆلين و تايبەت بكرێ بە ڕەگەز (مێ يا نێر) ئەوەش لە كۆمەڵگەيەكەوە بۆ كۆمەڵگەيەكى تر دەگۆرێ ئەمە جگە لە فسيۆلۆژييەتى مرۆڤەكە بۆ نموونە بوونى نێر و مێ پێويستە بۆ دروست بوونى كۆرپەلە دواتر قۆناغى پەروەردەكردنى منداڵ كە ديسانەوە بۆ ئەوەى پەروەردەيەكى ڕاست و دروست بێ پەيوەندى بە دايك وباوكەوە هەيە .

يەكێ لەو فاكتەرە گرنگانەى كاريگەريان بەسەر ژيانى مرۆڤى ڕۆشەنبيرەوە دەبێ ئەوەيە كە تێگەيشتنى بۆ مافەكان هەبێ وەكو خۆى وبتوانێ بەو پێيە هەلسوكەوت لەگەڵ دەوروبەر بكات.

تێگەيشتنى مرۆڤانەى مافەكانى نێر ومێ زۆر پێويستە ونابێ هەندێ شت ببێ بەهۆى دروست بوونى بۆچوونى تر و پەروەردەكردنى نادروست كاتێ باس لە پێشێلكارييەكانى مافى ئافرەت دەكرێ قەوارەى ئەو نەهامەتيانەى بەسەرى هاتوون ڕوون دەبێتەوە , هەر وەها نەهامەتى پياوان , بەڵێ لەكاتى بەرپابوونى جەنگ نەهامەتييەكان هەمووان دەگرێتەوە چونكە لەدەست دانى ئازيزێك پەيوەستە بە هەموان ئازيزى دايەو باوە و خوشك و برا و هەموو خێزان واتا ئەم كارەساتە هيچ جياوازييەكى لە نێوان نێر و مێ نەكرد ئەگەر جياوازييەكيش بووبێ ئەوا لەڕووى داب ونەريتى كۆمەلأيەتييەوە بووە , كە ديسانەوە ئەويش لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكى تر دەگۆڕێ , ڕەنگە ڕەگەزێك كاتێ لە كاتەكان ئازار و نەهامەتى زياتر چەشتبێ

لەکۆمەلگەی خۆی , ڕەنگە سەردەمێك لەڕۆژئاواش داوای لابردن وهەلگرتنی منداڵدان لە ئافرەت کرابێ  بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی کە ئەوە بسەلمێنێ بۆ ئەوەی کاری پێ بدرێ وزامنکردنێکی بەردەوامبوونی بێ لەکار .

بەلام ئەوەی پێویستی بە ئاماژەیە لێرە ئەوەیە کە ئێمە بەڕۆشەنبیرانیشەوە  کۆمەلگەمان بێ تێگەیشتن و بێ دەنگ  ماوەتەوە  بەرامبەر  بەم باس  و دۆزانە  ,  ئەو هەوڵانەشی کە هەن  یان ناکامڵ و ناکامن یان پێچەوانەی پێویستن .

ڕەنگە  زۆرێك لەڕۆشەنبیران کردنەوەی ئاودەستی ئافرەتانیان لەناو شاری هەولێر بەکارێکی گرنگ وڕووداوێکی مێژوویی  زانیبێ  و باوەڕیان بەوە هێنابێ کە ئافرەتیش میز دەکات  ,   لێرەدا کارەسات دەبێ بەدوو,یەکەمیان کارەساتی نەبوونی ئاودەس ودووەمیان  درەنگ تێگەیشتن لەوەی کە ئافرەتیش میز دەکات واتا بەدرێژایی ژیان نەیانزانیوە  ئافرەت میز دەکات پرسیار ئەوەیە چۆن لە مافەکانی تری تێدەکەن .

بەڵێ ڕۆشن  فیکرەکان ئافرەت نەك هەر میز دەکات بگرە نانیش  دەخوات  و دڵیشی هەیە و دەگری و پێشدەکەنێ  و هەستیشی  ناسکە و زۆر شتی تریش کە هیوایەکە  تۆزێ زوتر لەو مافانە تێبگەین .

بیرۆکەی ئەندازیاری ئاودەستی ناو شار شتێکی باش بووبەلام پۆلین کردن وتایبەت کردنی بە ئافرەتان ئەو نەهامەتیانەی لێ دروست  دەبێ کە باسمان کرد و ئەوی کە باسیش نەکرا لێرە و ئەوی تائێستا  لێشی تێنەگەیشتووین .

باشتر وابوو بڵێن پێویستمان  بە سەر ئاوی گشتی هەیە لەناو شار (تەوالێت ) کە لە زۆربەی ولاتان وای پێ دەڵێن و هەشیانە  ,  لاڵ بێ ئەو  کەسەی  دەستخۆشی لە کاری  باش ناکات   ,   بەلام  با  بیرکردنەوە و هەنگاوەکانمان مرۆڤانە بن نەك نێرانە ومێیانە !!